# خوێن بایی

ڕەحمان سۆفی

مام باپیر لە پەنجێرەی ژوورەکەیەوە چاوێک لە دەرەوە دکا. لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی لێوە دێ. بە لەرەلەر ڕادەبێ، کڵاوەکەی لە سەر دەنێ، شاڵگەردنەکەی لە ملی دەهاڵێنێ، باڵتەکەی لە بەردەکا و زنجیرەکەی تا بینەقاقەی هەڵدەکێشێ. دەستەوانەکانی لەدەست دەکا، گۆچانە بڵاڵوکەکەی بە دەستەوە دەگرێ و بە نیازی نان کڕین لە ماڵ وەدەر دەکەوێ.

نزیکە کۆتایی وەرزە. زەوی تاراێکی بەفرینی پۆشیوە، کۆڵان و شەقام سەهۆڵ بەستەیە. زەردەی ڕۆژ ماوە، کزە هەتاوێکی کەم تین پرشنگی بە سەر شاردا پەخش کردوەتەوە. مام باپیر زۆر بیر لە بەفر و بەستەڵەک ناکاتەوە، دەڕوا، لە دنیای زەینی خۆیدا سەیر دەکا. بیرەوەریکی دوور زەینی دادەگیرێ. پێی دەخزێ، بە پشتەوە تخێل دەبێ، هەوڵ دەدا هەستێتەوە، بەڵام زەوی خز و ئەو کەم هێزە. وەکوو دەڵێن بەختی یار بوو، فریشتەێکی برسی، باڵتەیەکی بەفرین لە بەردا، بە سەرسەریەوە وێستاوە و دەڕوانێ. دەست دەبا دەستێک بە ڕیشە سپیەکەی مام باپیردا دەێنێ. بە ئەسپایی دەستە نەرم و زەریفەکانی دەنێتە نێو دەستە زبر و قەڵشاوەکانی مام باپیرەوە. بە زمانی چاوە سەوزەکانی تێدەگەیەنێ، دەستم گرتووی، تەکان لە خۆتدە و هەستەوە! ڕوانینی گەرم و مێهرەبانی فریشتە ورەی مام باپیر بە هێزتردەکا. بە یارمەتی دەستە چکۆڵە سڕەکانی فریشتەکە تکان لەخۆی دەدا و هەڵدەستێتەوە. فریشتە بە بزەی لێوی دەیدوێنێ. مام باپیر وا دەزانێ کە بە دەنگی نەرم و بە سۆز لایەلایەیی بۆ دەکا و دەی لاوێنێتەوە. . .

هەستی برسییەتی بەهێزە. بۆنی نانی گەرم بەرەو نانەواخانەکەی سەر شەقام مام باپیر پەلکێشی دەکا. بە ئەسپای گۆچان دەکوتێ و بە پادزە بە پەنا دیواردا دەگاتە نزیک نانەواخانەکە. دەبینێ، خەڵکی برسی و سەرما بردوو، ژنان لە لایەک و پیاوان لە لایەک، لە نۆبەدا وێستاون. هەرکەس بە جۆرێک، نوقمی خەیاڵاتی خۆیەتی. ئەویش لە نۆبەدا جێ دەگرێ. قورسایی لەشی دەخاتە سەر لاێکی و بە لەنگەری گۆچانەکەی خۆی ڕادەگرێ. نوقمی ڕوانینی ئەم پا و ئەو پا کردنی نانەواکە دەبێ. لە دنیای برسییەتی و خەیاڵاتی خۆی دا هەڵوەدای بیرەوەری خۆش و ناخۆشی ڕابردووە . . .

لە نەکاو ماشێنێک تورمزدەگرێ، تەگەر لە سەر سەهۆڵ دەخزێ، بەڵام لە دەور ناکەوێ. فریشتە چکۆڵە دەپەشۆکێ، سەری لێ دەشێوێ، دەرفەتی لێبڕێ، لە نێوەڕاستی شەقامەکەدا دەکەوێتە ژێر تەگەری ماشێنەکە. خوێن لە سەر بەستەڵەکی قیرەتاوەکە، نەقش و نیگارێکی دوور لە باوەڕ، و دڵتەزێن دەکێشێ. . .

خەڵکەکە دەشڵەژێن، سەرلێشێواو، هێرش دەکەن بەرەو شقام. تەنانەت نانەواکەش دەردەپەڕێ. هەرا و هاواری ژنان لە نزیک و دوور بە گەڕەکدا بڵاو دەبێتەوە. مام باپیریش بە لەرزە لەرز خۆی دەگەیەنێتە ناوەندی ڕووداوەکە. خەڵکەکە دڵپەرۆشییەکی هاوبەش نیشا دەدەن. لاوێک ڕوو لە مام باپیر دکا و دەڵێ:« مامۆستا تۆ لێگەڕێ! با ئێمە یارمەتی بکەین بەو ڕیشە سپیەتەوە دەڵێ " زەڕدەشتی " بە لەرزە لەرز دەرکەوتوی » لاوکە بێ ئەوەی بشڵەژێ پەلامارئەدا، لەشی نیوەگیانی فریشتەکە لە باوش دەگرێ. کیژێکیش دێتە یارمەتی و دەڵێ:« داینێ، بە لاتەنیشتدا ڕایکێشە، دەست و سەری هەڵێنە! من خۆم پەرستارم، دەزانم چۆن هەناسەی بدەمێ، تۆ بڵێ فریامان کەون ئامبلانسێک بنێرن ». لە هەمان کاتدا کچێکی دیکە بە مۆبایلەکەی دەیەوێ ڕووداوەکە تۆمار بکا. ژنێکی سەر سپی بە ئەیەڕۆ ئەیەڕۆ، بەرەنگاری کابرای شۆفیر دەبێتەوە و دەڵێ:« ئەیەڕۆ " بلە کڕوز " جا، خۆ ئەو فریشتە جوانەت کوشت! » بلە کڕوز زۆر بێڕۆح، وەکوو ئەوەی کە هیچ ڕووی نەدابێ و ئەو هیچ تاوانێکی نەکردبێ دەڵێ:« دەی بڵێم چی، خەتای من نە بوو، خۆی ڕایکردە پێش ماشێنەکە م. کوشتم کوشتم، بە دەرەک " دییە " کەی دەدەم » دایە گەورەی سەرسپی هەڵدەچێ، شاڵاو دەبا تفێک دەکاتە نێو چاوانی بلەکڕوز، بەرقەوە ودەڵێ:« ناپیاو، بۆ جوجەڵەت کوشتووە، دیە کەی دەدەی! دییەی چی دەدەی؟ »

بلەکڕوز، کابرایێکی کەتەی چاودەرپەڕیو، کەپۆی بەقت پەتاتەیێک دەبوو، سمێڵی ددان و لێوی داپۆشی بووە. کاپشێنێکی ئەمریکایی لە بەردا و پۆتینی سەربازی لە پێدا. کە قسەی دەکرد فلتەی دەمی دەهات، پیاو لێی حاڵی نەدەبوو دەڵێ چی. ئەوانەی کە لە نزیکەوە دەیان ناسی، دەیانگێڕاوە:ئەو چڵکنەی کوڵکنە، مانگە و مانگ خۆی ناشوا. دایمە دەلەوەڕێ »

پەرستارەکە سەرهەڵدێنێ، و پەشۆکاو هاوار دەکا:« ئەرێ ئەو ئامبلانسە بۆ نەهات؟»
لاوەکە دەڵێ:« جا نەخۆشخانە کەی بە هاوار و بانگی خەڵکەوە هاتون، تا ئیستا بێن !»

بلە کڕوز دەیەوێ خۆی دەربازکا و بۆی دەرچێ. بەڵام خەڵکەکە، دەرفەتی پێنادەن. ژنان ڕێگای دەرباز بوونی لێدەگرن. چەن کەسی دیکەش دێنە هەرەوەز، و چوار دەوری دەتەنن. هەرچەند خۆی ڕادەپسکێنێ، بەڵام کەوتوەتە گێژاوەوە. یەک دوو کەسی دیکەش بەرەنگاری دەبنەوە. کوڕە لاوەکە دەنگ هەڵدەبڕێ دەڵێ:« ئادەی خەڵکینە! نەیەڵن دەرچێ! بە ڕۆژی ڕوون، منداڵمان دەکوژن، بەرگری نەکردن سەر شۆڕییە، مردن باشترە لە ژیانی ژێر دەستی . . . » ئاپۆرەی خەڵکی برسی و دڵ پڕ لە ڕق وقین، بەرە بەرە پەرە دەستێنێ. ژنان، پیاوان، منداڵان، لاوان، گەمارۆی بلە کڕوز دەدەن، چوار دەوری لێ دەگرن. ئەویش لە ژێر دەست و پێی خەڵکی ڕاپەڕیودا دەپاڕێتەوە، لە دەردی خۆیدا دەتلێتەوە. بەڵام نە فریادڕەسێ دیارە، و نە پۆلیسی. . .

باوکی فریشتە پەیدادەبێ، کێ خەبەری پێداوە کە تاقانەکەی وەبەر ماشین کەوتووە !

ئەهۆن و لە سەرخۆ، مڕومۆچ، لەگەڵ هاوسەرەکەی، کوڕەکە و کیژۆڵە پەرستارەکە بە دیار لەشی لە خوێن دا گەوزاوی فریشتەوە داماون. بەڵام وەکوو دەڵێن " غیرت و هەستی تۆڵە، هێزی پیاوەتی بە هێزتر دەکا " باوک چاوێک بە نێو خەڵکەکەدا دەگێڕێ چاوەڕوانی دادگەر و داد ئەستێن نامێنێتەوە. . .

فڕکەی فیشک، ڕێنژنەی بارانی تۆڵە، مافخوازی گەلی جەرگ سووتاو و ڕاپەڕیو دیمەنی شاردەگۆڕن. تاپۆی بۆمەلێڵ جێگا بە کزەهەتاو لێژ دەکا، تاریکی کەش و هەواداگیر دەکا. چاو چاو نابینێ. بەربەرەکانێی ڕووناکی و تاریکی بێ بڕانەوەیە. ڕۆشنایی چرای ئۆتۆمبیل، گڵۆپی شەقام و کۆڵان کزکز دەتروسکێنەوە. گەل وەکوو مێرولە و زەردەواڵە هروژاون. وەک فارس کوتەنی " مەحشەرە " باوک بەسەر کوڕەوە نییە. سیاپۆشانی پیاوکوژ کونە مشکیان لەێ دەبێتە قەیسەری. فڕکە فڕک دێن و دەچن، هەوڵیانە کە چۆن خۆ دەرباز کەن. چەن ئامبلاس بە هۆڕن لێدان دەگەنێ. لەشی بێ گیانی فرشیە بە تاراێکی سووری تۆخ دەڕازێننەوە. تەرمی ساردەوە بووی بلەکروز ش لە ماشێنێکی ئەرتەشی دەهاون. . .

*          *          *          *          *

مام باپیر لە گەڵ قوقەی کەڵەباب و بانگی موئەزن، لە خەوی گران وەخەبەر دێ، و لە جێگا ڕادەبێ. پەنجێرەی ژوورەکەی دەکاتەوە، بە سەرنجەوە دەڕوانێتە دەرەوە. هێدی هیدی کەش و هەوا دەگۆڕدرێ، پڕشنگی هەتاو زۆر دڵئاواتر بە شاردا بڵاودەبێتەوە. مام باپیردەبینێ تیشکی خۆرەتاو بەهێزتر لە هەموو ڕۆژێک ئاسۆی ئەنگێوتووە. هەست بە برسییەتی ناکا. هەردوو باڵی هەڵدێنێ بۆ هەوا و وەکوو ئەوەی بییەوەێ هەڵفڕێ بای باڵی دەدا. پڕ بەدڵی لە ناخەوە پێدەکەنێ. لە بەر خۆیەوە دەڵێ:« گەشە و پێشکەوتن لە ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی دا خوێن بایی زۆر داوە. من لە ئازادیدا کۆچی یەکجاری دەکەم. لە سەرگۆڕەکەم بنووسن:عاشقی هەتاو بووم، لە ناخۆشیدا ژیام، دڵخۆشم بە سروشتی سروشت  ژیان بە جێ دێڵم.»

گلاوێژی ٢٠١١  سوێد